# ئایینی یارسان و پیرۆزی ئامێری تەمبوور (توێژینەوەیەکی ئەنثرۆپۆلۆژییە)

**ID No. 299**

(PP 372 - 389)

https://doi.org/10.21271/zjhs.27.3.23

**زریان جیزنی محەمەد**

بەشی کۆمەلناسی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر

zrian.mohammed@su.edu.krd

**وەگـــــرتن : 2022/07/26**

**پەسندکردن : 2023/02/27**

**بڵاوکردنەوە : 2023/07/25**

**پوختە**

ئایینی یارسان ئایینێکی دێرینی کوردییە، لەسەر بنەمای ڕیشەی ئایینە دێرینەکانی کوردستان بوژاوەتەوە و گەشەی وەکو(میترایزم، زەرڤانیزم وە زەردەشتیەت)، کتێبی پیرۆزی ئایینی یارسان پێی دەگوترێت (سەرەنجامە) و بە دیالێکتی گۆران نوسراوە. ئایینی یارسان وەکو بەشێکی کولتووری ماددی و مەعنەوی نەتەوەی کورد، هەڵگر و پارێزەری زمان و ڕێوڕەسم و شوێنەواری دێرین و دنیابینین و دۆگمای تایبەت بەخۆی هەیە، مۆسیقا بەشێکی گرنگ و کۆڵەگەیەکی پیرۆزە لە ئایینی یارسان، لە دنیای مۆسیقا و ئاوازیشدا تەمبوورە بۆتە سومبوڵی ئایینی یارسان و لە بۆنە ئایینیە پیرۆزەکاندا دەژەنرێت.

لەم توێژینەوەیەدا تیشك دەخەینە سەر ڕۆڵ و گرنگی و پێکهاتی ئامێری تەمبوور، لە ئایینی یارسان. تەمبوور پێگەیەکی بەرزی پیرۆزیی هەیە لای یارسانەکان و لە کۆڕی جەم و بۆنە ئایینیەکاندا دەژەنرێت. لەگەڵ گەشە و گۆڕانی ئایینی یارساندا دەورە بە دوای دەورە تەمبوور زیاتر ئاوێتەی پەرستش و بۆنەکان بووە و بڵاوبۆتەوە، لە لای زۆربەی بڕوادارانی ئایینی یارسان.

**دەستەواژە گرنگەکان**: مۆسیقا، تەمبوور، سیاچەمانە، یارسارن، سەرەنجام، کەلام.

## پێشەکی

ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکەمان بریتیە لە ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی ئەنثرۆپۆلۆجی لەسەر پێکهات و ڕۆڵی پیرۆزی تەمبور لە لای بڕوادارانی ئایینی یارسان و تیشك خستنە سەر چۆنیەتی بەکارهێنان و ئەو ئاوازانەی پێی دەژەنرێت لە بۆنە ئایینیەکاندا، لەم توێژینەوە دەمانەوێ بە پێی سەرچاوەکان تایبەتمەندی تەمبوری یارسان ساغ بکەینەوە لە قۆناغە جیاجیاکانی مێژوودا. هەروەها پێگە و ڕۆڵی تەمبوور بخەینە ڕوو لە بوارە ئایینی و کولتورییەکانی شادی و ئاهەنگ و شین و ئازیەباری.


لە توێژینەوەی ئەنترۆپۆلۆجیدا پانتاییەکی فرە میتۆدمان لەبەر دەستە کە بوارمان دەدا وەکو ئامرازی زانستی بە شێوەیەکی ئازاد بەکاریان بهێنین لە بواری توێژینەوەکەدا. ناسنامەی توێژینەوەی ئەنپرۆپۆلۆجی پشکنین و شیکاری و گەڕانە بە سەرنجدان و ڕاڤەکردنی زانستیانە لەگەڵ بابەتەکە، لێرەدا میتۆدی ئەنترۆپۆلۆجی شیکردنەوە، ڕاڤەکاری و وەسفی کۆدو سومبوڵە کولتورییەکان بە گونجاوترین میتۆد هەلبژاردووە بۆ ئەم توێژینەوەیە، بابەتی سەرەکی ساغکردنەوەی پێکهات و ڕۆڵ و پێگە و کاریگەرییەکانی تەمبورە لە ئایینی یارسان بە پێی تێکستە پیرۆزیەکانی لای بڕوادارانی یارسان. میتۆدی شیکردنەوە و ڕاڤەکاری وەك میتۆدێکی زانستی تێگەیشتنێکی هەرەمەکی نیە بەڵکو پێویستە توێژەر شارەزایانە لە سمبوڵ و تایبەتمەندیەکانی ئامێری تەمبوور بکۆڵێتەوە و شارەزابێت و لە کاتی پێویست بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە وێنەش بەکاربهێنێت بە پێی سەرچاوەکان.

**کورتەیەك لەبارەی مێژووی ئاینی یارسان (کاکەیی):**

ئایینی یارسان ئایینێکی ڕەسەنی کوردیە، سەرەتا و گەشەسەندنی لە خاکی کوردستاندا بووە شوێنکەوتی زۆری هەیە، بە ناوی جیاجیا هاتووە وەك (کاکەیی، یارسان، ئەهلی حق، عەلی ئیلاهی)

یارسان لە دوو ووشەی لێکدراو پێکهاتووە (یار) و (سان) واتا یارانی سوڵتان ئاماژەیە بۆ سوڵتان سهاك (بورەگەیی،2008، 69) ڕیشەی ئایینی یارسان بۆ سێ قۆناغ دەگەڕێتەوە قۆناغێکیان ڕۆژی خوڵقاندنی جیهانە. قۆناغێکی تریان بە پێی دەیان بەڵگە و هێما و تێکست و بەراوردکاری ورد، کە پێشاندەدەن کولتووری ئەمرۆی یارسان، بە ئەسڵ و ڕیشە و فەلسەفەوە، بۆ سەردەمانی ئایینی زەروانی و میترایی و زەردەشتی و مانی و ئەوانی دیکە دەگەڕێتەوە، هەروەها تێکەڵاوی کولتووری ئاینی هیندۆسی و بوودایی بووە

لە ڕۆژهەڵات. (زریان،29،2019) قۆناغی کۆتایی دەگەڕێتەوە بۆ دوای هاتنی ئایینی ئیسلام، ئەمیش بە چەندین قۆناغ دا تێپەڕیوە و بریتین لە (قۆناغی شەریعەت، کە قۆناغی پێغەمبەرەکانە. قۆناغی تەریقەت، ماریفەت کە لە دەرکەوتنی شاخۆشین دەستپێدەکات، قۆناغی حەقیقەت کە قۆناغی دەرکەوتنی سوڵتان سهاك و یارانیەتی. (ئیزەدی، 156،2002)



پیرۆزیەکانی ئاینی یارسان .سایتی( pinterest – yarsan)

گرنگترین و پیرۆزترین کتێبی یارسانەکان ناوی (سەرەنجام) ە کە لە لایەن سان سهاك و یارانیەوە نوسراوە. لە شەش بەش پێکهاتووە: دەورەی حەوتەوانە، بارگە بارگە، گلێم وەکوڵ، دەورەی چل تەن، دەورەی عابەدین، کورتەی سەرەنجام. بێجگە لە سەرەنجام نوسراوی دیکەش لەسەدەکانی دووەم هەتا شەشەم و حەوتەمی کۆچی ماوەتەوە بە ناوەکانی : دەورەی بالوول، دەورەی بابا سەرهەنگ، دەورەی شاخۆشین، دەورەی بابا ناوس. کتێبی سەرەنجام  لە قەول و کەلام و تێکستی ئایینی و نەسیحەت و شەریعەتی تایبەتی ئایینی یارسانی لە خۆگرتووە. مێژووەکەی بۆسەدەی هەشتەمی کۆچی دەگەڕێتەوە،  بە شێوەزاری هەورامی کە بنەماو هەموو یاساو ڕێساکانی ئەم ئایینەی پێ نوسراوەتەوە.(نەبەز، 35،2008)

لەسەرەتادا ئایینی یارسان لە ناوچەکانی هەورەمان و شارەزوور و لوڕستان بلاوبۆوەو گەشەی کردووە و جا دواتر گەیشتۆتە ناوچەکانی ئێران (کرماشان و هەمەدان و ئازربێجان و تاران و باکوری ئیران) وە لە ناوچەکانی عیراقیش وەکو خانەقین و کەرکوك و موسل و سلێمانی و هەولێر و تەلەعفەر و هەڵەبجە)  هەتاوەکو ئێستاش لەم شوێنانە نیشتەجێن و ژمارەیان بە (250000) خەمڵێنراون لە هەڵبژاردنی 2005 ی عیراق وە لە ڕۆژهەلاتی کوردستان و شارەکانی ئیران بە نزیکەی سێ ملیۆن دەخەملێنرێن، ئەوەش نابێ لە بیر بکرێ کە ناوچەی هەورەمان بۆ پەیرەوانی ئایینی یارسان ناوەندی پیرۆزی ئایینەکەیە  و گرنگترین دەورەکانی ئەم ئاینە لەم ناوچەیە ڕوویداوە.(تاهیری، 2009، 586-581) دۆنای دۆن ناوەرۆکی سەرەکی بیروباوەڕی یارسان پێکدەهێنێت، گەوهەری فەلسەفەی دۆنای دۆن، ڕۆح  لە کەوڵی مرۆڤێکی سادە سەقامگیر دەبێ، جارێکیشیان بە گەدا یان بە دێوانە، جارجاریش بە پاشا و هەندێ جاریش بە گیاندارانی دیکە، بە پێی بڕوا و ڕامانی یارسانەکان ڕۆح دەچێتە جەستە (قالب) ی هەموو گیانلەبەرێکەوە و دۆنای دۆن دەکات تا 1001 قالب دەگۆڕێ و دەگەڕێتەوە دەرگای کردگار ، ئەمەش پێوانەیەکە بەقەدەر پێوانەی کات، ماوەیەکە بەقەدەر ماوەی مانەوەی گەردوون، کە هەزاران هەزار ساڵە. ئەمەش پێی دەڵێن قۆناغی (دۆنای دۆن) لە کۆتایی ئەم گەشتەی  پەرەسەندنەدا پیاوەکە یان ژنەکە دەگەن بە قۆناغی چاوداری ( ڕۆشنبونەوە) و دەبنە مرۆڤێکی پیرۆز و ئیلاهی، کە شوێنی شایستە لە ئاسمانی باڵ ا دەبێت بە بەشێك لە ئۆقیانووسی ڕۆحی گەردوون. (ئیزەدی،2007، 331_340)

ئالی قەلەندەر: لە سەرنجام دەربارەی دۆناودۆن دەفەرمووێ:

کەردەی دۆنای دۆن کەردەی دۆنای دۆن

ها گرد بەیدێوە بگنمێ ئەو شۆن     ئیرج بیانان پوور فەرەیدون.

واتا: ( هەرهەمووتان لەڕێگەی دۆناودۆنەوە وەرنەوە، تا بکەوینە شوێنی دینی یار، من ئیرەجی کوڕی فەریدوونم). (محمد، 79،2019)

یەکەم بنەمای ئاینی یارسان گواستنەوەی چەقی پیرۆزی لە ئاسمانەوە بۆ زەوی (چەق بوون) واتا لێردا مرۆڤ چەقە، خوا هەندێ خەسلەتی داوە بە مرۆڤ لەوانە عقل ودیدگا و ئیرادە ، کە تەنها لای مرۆڤ هەیە، پیر بنیامین پەیامهێنی ئاینی یارسانە.

لە ئایینی یارساندا ئەسلی وجود لە ڕووناکی زاتی خوداوەندەوە هاتووە، لە ئینجلی مەسیحیەتیشدا هاتووە کە پەروەدگار فەرموویەتی و ( بە ڕووناکی...... ببە، ڕووناکی بوو) ڕووناکیەکەی خولقاند لە کتێبی پیرۆزی سابیئە مەندایەکاندا) وەختێ ئادەم کارو باری لەسەر زەوی بەجێ دەگەیەنێت ئیتر دەگەڕێتەوە شوێنی ڕەسەنی خۆی کە نیشتمانی ڕووناکیە.



قاپێکی سەردەمی ساسانی .سایتی( pinterest – yarsan.)

لە ئایینی یارسان دەڵێن کە ئەسلی بوون(ووجود) یەکە، کە خاوەندکارە، هەموو بوونەوەرو هەسارە و کاکێشانەکانیش هەر لە ووجودی ئەوەوە پەیدا بوونە. هەموو پێکەوە بۆ یەك مەرام دەرۆن، کەواتە یارسان بڕوای بە یەکبوون، یان یەکێتی بوون (وحدة وجود) هەیە. چونکە یەك ئیرادە و یەك ووزە و توانا و یەك گەردوون و هەر هەمان ماددە و هەمان ووزە (ئەنەرژی هەنە کە هەرگیز تەواو نابن و نابڕێنەوە و لەناوناچن، هەمیشەش جێگۆرکێ دەکەن لەگەڵ ماددە، وەکو بلێی دۆنیان دەگۆڕن.( کاکەیی، 2011،13) بنەمایەکی تری ئایینی یارسان سەرسپاردنە، کە ڕێوڕەسمێکی پیرۆز و گشتگیرە، کە پیرو دەلیل ئامادە دەبن بۆ ئەوەی بڕوادار سەربسپێرێ بە ئایینی یارسان، وەکو زاتی پیر موسێ دەفەرموێ لە بەشی 18 دیوانە گەورەی بابا یادگاردا:

بێ گاوان گاوێ      گاو بێ گاوان

بێ گاوان گاوێ تا سەر نەسپاری کەردە وە لاوێ

لێرە مەبەستی گاوان (پیر و موریدە) تا سەر نەسپێرێ کردەوەی دراوەتە لاوە و تۆمارناکرێ بۆی) (کاکەیی، 320،2012-316).

گەوهەری کولتوور و ترادیسۆنی گرنگی ئەم ئایینە پێی دەگوترێت جەم، ووشەیەکی ئاوێستاییە، واتە گلێر بوونەوە کۆبوونە، کۆبوونەوەیەکی پیرۆز و عیرفانیە کە تەمبوور دەژەنن، کەلام دەخوێنن، خواردن ئامادە دەکرێ، لە لایەن پیرەوە دوعای لەسەر دەخوێندرێت بە یەکسانی دەبەشنەوە ئەمە ئەرکێکی سەرەکی هەموو یارسانیەکە بۆ جەژن و نیاز و سەرسپاردن و تەواوی بۆنەکان.(ارسی ،17،1384)

لە ئایینی یارسان چوار کۆڵەگەی سەرەکی هەیە، کە لە کەلامیش شرۆڤە کراوە و بریتین لە : پاکی، ڕاستیی و (کە خاوێن بوونەوەی ڕۆح و ئیمان ویژدانە)، نیستی واتا ئەوپەڕی خۆپارێزی خۆنەویستی و ڕدا واتا جوامێری و ڕازی بوون و شوکرانەبژێری. واتە خزمەت بە خەلقی خودا، کە پێکهاتەی مرۆڤ بوونی خۆی لە ڕواڵەت و دەروونی لەگەڵ ئەم چوار کۆڵەگەیە بگونجێنێ و بە دڵ و بە گیان بڕوای بە ئەم چوار ڕێبازە بێت . ئەڵبەت لە سەرچاوەی تر باسی بنەمای تر دەکەن کە ئەویش پیرۆز ڕاگرتنی ئاگر و ئاو با و خاکە، کەوا مرۆڤ و ژینگە و ئاژەڵ و ڕووەکیش لەخۆ دەگرێت ئەمە لە نێو ئاینەکانی ئێزیدی و زەردەشتیش هەر پیرۆز کراوە. ( کاکەیی،20،2017).

**2. مێژووی مۆسیقا لە ئایینی یارسان:**

ئەگەر بمانەوێ مێژووی مۆسیقای کوردی دەست نیشان بکەین، دەبێ لەو کاتەوە دەست پێ بکەین کە کورد بوونی هەیە. چونکە بە پێی تابلۆ و پەیکەر و شوێنەوارە دێرینەکان، کورد مۆسیقای ناسیوە. ئامێرە سەرەتاییەکانی وەکو هەر ئامێرێکی تری پێداویستی دروستی کردووە، حەمەی حەمەباقی لە کتێبی مێژووی مۆسیقای کوردیدا دەڵێ: دەست نیشان کردنی ساڵێکی دیاری کراو یان سەردەمێکی دیاری کراو بۆ مێژووی سەرهەڵدان و لە دایک بووینی گۆرانی و مۆسیقای کوردی کارێکی یەکجار ئەستەم و سەختە (حەمە باقی،43،2009).

لە کوردستان بە شێوەیەکی گشتی و بە پلەی یەکەم مۆسیقا لە ئایین و هەستی خواپەرستیەوە سەرچاوەی گرتووە، ئەم دیاردەیە لە ڕۆژئاواش هەر بەهەمان شێوەی کوردستان بووە، واتا لە ئەوروپاش مۆسیقا لە هەستی خواپەرستی و دینەوە سەرچاوە دەگرێ. لە کوردستان لە ڕێگەی کتێبی پیرۆزی ئاڤێستا کە هاوزەمانی ئیمپراتۆریەتی میدیا(لە ساڵانی 625-550 پ.ز) لە هەمەدانەوە بگرە تا

دەگاتە دیاربکر، بە تەواوی سەرزەمینی کوردستانی گەورەدا بڵاو دەبێتەوە، دیینی زەردەشت بە یەکەمین سەرچاوەی گۆرانی و موزیك دەژمێردرێ لە کوردستان. واتا (گاتاکان) واتا دەکاتە ئایەتەکانی ناو ئاڤێستا بە زمانی میدیایەکان، بە شێوەی سروودی دینی دەگوترانەوە، دوای کۆتایی هاتنی دەوڵەتی میدی بەڵام زمان و کلتوری زەردەشت هەردەمێنی کاریگەرێکیی زۆری هەیە لەسەر دەسەڵاتەکانی دواتریش بە پێی دەیان بەڵگە و هێما و تێکست و بەراوردکاری ورد، پێشاندەدەن کە کولتووری ئەمڕۆی یارسان، بە ئەسڵ و ڕیشە و فەلسەفەوە، بۆ سەردەمانی ئایینی زەروانی و میترایی و زەردەشتی و مانی و ئەوانی دیکە دەگەڕێتەوە. (میرحسینی، 111،1996-112) بۆیە زۆربەی مێژوونوسان پێیان وایە (سیاچەمانە) (هۆرەی هەورەمان)( کە ئاوازێکی ناوچەی زاگرۆسە کە لەسەردەمی زەردەشتدا بۆ ئاهوۆەمەزدا گوتراوە، لە بارەی مێژووی سیاچەمانەوە بیر و ڕای زۆر هەیە برێکیان پێیان وایە کە یەکەمین سیاچەمانە بۆ زەردەشت خوێنراوەتەوە، برێکی تر پێیان وایە یەکەمین سیاچەمانە بۆ پیرشالیار وتراوە، برێکیش دەڵێن: ڕۆژگارێک خۆسرەو پەرویز بۆ ڕاو دێت بۆ هەورامان و کاتێ ئەو سرووشتە جوان و دڵڕفێنەی هەورامان دەبینێ بە مۆسیقا زانەکەی خۆی "باربد" دەستووری داوە کە ئاهەنگێ لە وەسفی هەوراماندا بۆی ساز بکات، ئەو ئاهەنگی هەورامانی "باربد"ە هەر ئەو سیاچەمانەیە کە لە ڕەوتی مێژوودا ئاڵووگۆڕی بە سەر هاتووە.

**لە بارەی مانای وشەی سیاچەمانەیش چەند بۆچوونێک هەیە:**

**یەکەم: سیاچەمان بە مانای چاوڕەشان، سێوەری باخ و چیمانی دارستان**

**دووهەم: سەرچەمان بە مانای سەرچاوان کە سەرچاوەکەی ئاویش لە بەر دەگرێ**

**سێهەم: سیاچەمان بە مانای کراس ڕەشان** کە مەبەست مرۆڤە ئایینیەکانە یان مۆغەکانی زەردەشت، ئەو مرۆڤە ئایینیانە جلووبەرگی تایبەتی خۆیان هەبووە کە بریتییە لە(چۆغەی ڕەشی درێژ، شەرواڵی ڕەش، مێزەرەی ڕەش و پشتوێنی سێگرێ) لە کاتی لەبەر کەردنیشیان چۆغەکەیان بە سەر شەرواڵەکاندا درێژ کردۆتەوە و پێیان وتراوە (سیا جامگان-سیاجامانە ڕەشپۆشاک) ئەم سیاچامانە لە سەردەمی زەردەشتدا وەک ئەرکی دینی هەموو سروودەکانی"گاتا"کانیان لەبەر بووە و بە ئاوازەوە بۆ خەڵکیان خوێندۆتەوە، شێوازی خوێندنەکەش بە جۆرێک لە ئاواز و گۆرانی بووە کە بە دەنگێکی خۆش و هەناسەیەکی درێژەوە خوێندوویانەتەوە. سیاچەمانە لە شوێنی تایبەت و پیرۆزدا سروودەکانی خوێندراوەتەوە و هەورامییەکانیش لە درێژایی مێژوودا ئەو سرووده پیرۆزانەیان لە بیر نەچۆتەوە پاشان بێژەران و دەنگ خۆشان بە پێوەر و زەوق و بۆچوونی خۆیان شیعر و هۆنراوەکانیان جێ بە جێ کردوونەتەوە و ئاڵووگۆڕی مۆسیقاییشیان لە سەر کردووە و بە شێوەی ئیمڕۆیی بە دەسی ئێمە گەیشتووە. سیاچەمانە مۆسیقای تایبەتی خۆی هەیە . سیاچەمانە ناوەرۆکی ئێجگار زۆری هەیە کە تیشک دەخەینە سەر هەندێکیان (خۆشەویستی، ژینگە پارێزی، زێد دۆستی، ئاوەدانکردنەوە، ژیانی مرۆڤ، پەیوەندی ڕۆحی و عاتیفی مرۆڤ، وەسفی دوو مەعشووق(وڵات، ژن)، وەسفی سرووشت، ڕەخنە گرتن لە بوارە کۆمەڵایەتییەکان، دووری، دڵنیایی و...) ( عەباسی، 2008، 336 )



قاپێکی سەردەمی ساسانی -سایتی( pinterest – yarsan.)

(هیرۆدۆتی یۆنانی بەیەکێک لەکۆنترین مێژوو نوسەکانی مرۆڤایەتی دادەنرێت کە بەباوکی مێژووش ناسراوە ساڵی(484ـ425پ،ز)ژیاوە، کتێبێکی بەناوبانگیشی هەیە بەناوی مێژووی هیرۆدۆت) بەڵگەیەك دەهێنێتەوە کە لەسەردەمی میدیەکان کە ئایینیان زەردەشتی بوووە، لە کاتی قوربانی کردن بۆ خوداوەندەکان خۆیان سەرپەرشتی قوربانیەکەیان کردووە و دوای تەواو کردنی قوربانییەکە، موغەکان سرودی تایبەتیی پیرۆزیان بۆ خوداوەندەکانیان دەچڕی.
لە ئایینی زەردەشتی بەهەشتی زەردەشتیەکان وەکو ئیسلامیەکان حۆری و شەراب و هەنگوینی تێدا نیە، بەڵکو گۆرانی و مۆسیقا هەیە، ئیتر ئەوە ئەوپەری پیرۆزی دەبەخشێتە مۆسیقا. (هاشم،105،28،26،1371-106.)

دەتوانين بڵێين ئەم سروودانە(گاتا) يان گاسا، وەک فتوای ئايينی لە لايەن موغەکانی ئايينی زەردەشتەوە، بە پەيڕەوانی ئەو ئايينە ڕاگەيەندراوە کە هەر کەسێ سروودەکانی ئاڤێستا بە ئاوازەوە بخوێنێ، کاريگەرتر و باشتر ئامانجەکانی دەپێکێ لە تێگەيشتنی ئامادەبووان.

وشەی گاتا، گاسا، گاسە يان گازە بە مانای بانگ و هاوار و داد و سکاڵا لێک

دراوەتەوە. واتە سکاڵا و ڕاز و نياز بە ئاواز و مۆسيقاوە لە گەڵ خودا. (عادل ،10،2010).

سروود لە پلەی هونەرييدا لە گۆرانی بەرزترە و بۆ بۆنەکانی نيشتمانی و ئايينی بە کار دەبرێ. سروود دەکرێ زۆر جار پلەی (پيرۆز)ی پێ بدرێ و گۆرانی مەجازی (دڵداری و...). **هەروەها سرودەکانی ئايينی يارسان لە مۆسيقا و دينی زەردەشتيەوە هاتووە،** سروود لە ئاتەشکەدەکانی زەردەشتی و کەلام خوێندنی يارسان لە جەمخانەکانی ئايينی يارسان و ئيزەدی و بەگداشيەکانيش دا لەگەڵ تەمبوورە (تەنبوور، تەمويرە يان تەمير) کە يەکێکە لە ئامێرە هەرە پيرۆزەکانی کورد، پێشکەش کراوە و دەکرێ.

حەمەی حەحەباقی دەنووسێ: پەيرەوانی ئايينی يارسان وشەی گۆرانی بەکار ناهێنن و لە جياتی ئەم وشەيە (سروود) بەکار دێنن.

لە دەورەی (شاخۆشين) ئايينی يارسان لە بەشێك لە لورستان گەشەی سەند و برەوی پێدرا. بڕوادارانی ئايينی يارسان، بە کەسايەتيەکی پيرۆزی دەزانن و لە دايکێکی پاکيزە هاتۆتە دونياوە کە ناوی(مامە جەلالە)بووە. شاخۆشين لە ماوەيەکی کەمدا بڕوادارن و پەيڕەوانێکی زۆری لە دەور کۆبۆتەوە.

لە سەرنجامدا هاتووە خوا فەرمانی دا بە بنيامين کە گيان بە بەر ئادەمدا بکات، بنيامينيش ئاوازی ڕاستی بۆ ڕۆح ژەنی، بەم جۆرە ڕۆح چووە جەستەی ئادەمەوە. (تاهيری،2009، 754)

لە کۆبوونەوەيەکی فراوانی بڕوادارانی يارسان، کە لەبارەگا مەزنەکەی شاخۆشيندا کۆبوونەتەوە، شاخۆشين بيری لە لەشکرێکی گەورەی ژەنيار کردۆتەوە کە جۆرەها ئامێر بژەنن، بۆيە ياران و مريدانی خۆی بەش بەش و دەستە دەستە کردووە و هەر دەستەيەکيش لەمانە (٩٠٠)کەس بوون و دواتر بە (٩٠٠،٩٠٠)ناسران، داوای لەمانە کردووە کۆڕێکی زيکری موزيکی ئەنجام بدەن، کە دەبێ هەر يەکە لە ئەندامانی ئەم دەستانە بە جۆرە ئامێرێکی جياواز بەشداری ئەم کۆڕی موزيک و زيکريە بکات. لەو زنجيرە باسانەدا کەلەم بارەيەوە ماونەتەوە ناوی ئامێر گەلێکی زۆر هێنراوە کە بەداخەوە لەو ئامێرانە تەنيا هەر(تەمووره) و هەندێ ئامێری تر ماوەتەوە. هۆکەشی ئەوەيە کە ڕابەری ئەم(٩٠٠)دەستەيە لەو مريدە پايە بەرزانە بوونە کە (تەمووره)يان ژەنيووە. ئيتر لەو ڕۆژەوە تا ئێستا پەيڕەوانی ئايينی يارسان ئامێری (تەمووره)يان وەک ئامێرێکی تايبەتی (-شا خۆشين) ناو بردووە و خودی شاخۆشينيش لەنێوان دەيان ئامێری تری بەشداربووی ئەو کۆڕەدا، تەنيا هەر(تەمووره)ی بۆخۆی هەڵبژاردووە و هەر تەموورەشی ژەندووە. بە گوێرەی ئەو بەڵگانەی لە دووتوێی کتێبەکانی ئايينی يارسان و گێرانەوەی دەماو دەميشدا هاتووە، شاخۆشين فەرمانی بەسەر موزيکژەنانی ئامادەبووی ئەو کۆڕە مەزنە کردووە (کە هەزاران کەس بوون)(هەورامی، ،2013، 74)، تا لە بۆنەو جەژنێکی مەزهەبييدا(گوايە جەژنی قوربان بوبێت)، لە جێگەيەکی کەناری ڕووباری (گاماسياو)دا، کۆببنەوە بۆ بەشداری لە کۆڕی زيکری موزيکييدا، ئامێرەکانی خۆيان، هاو دەنگ کۆک بکەن. لەو ڕۆژە پيرۆزەدا، کە يەکێکە لە گەورەترين کۆڕەکان، زيکرێکی موزيکی وا ساز دراوە، کە رەنگە ڕۆژێکی تری وا لە مێژوودا نەبووبێت. هەندێک لە ئاوازانی موزيک ژەنانی ئەم کۆڕە هێژايە، کە لەلايەن موزيکژەنە مەزنەکانی ئەو کۆڕەوە سازدراوە، تا ئێستاش بە شێوەی سنگا و سنگ ماونەتەوە و لەلايەن پيرانی يارسانەوە، بۆ مريدان و قوتابيان دەژەندرێتەوە. ئيتر لەسەردەمی (شاخۆشين) بەدواوە پەيرەوانی يارسان لەجەم و کۆری زيکری موزيکی خۆياندا، هەمەجۆر ئامێری موزيکی وەک: تەنبوورە، بەربەت، قانوون، زوڕنا، ڕووباب، نەی، دەف، دەهۆڵيان بەکار هێناوە.( زيبا، 1996، 111-134)بە پێی کەلام شاخۆشين لە هەر ئامێرێکدا مامۆستايەك و 900 ژەنياری هەبووە وەکو تەيمور لە کلامێکدا دەفەرموێ:

نۆسەد نۆسەدە بەيۆ نە ڕووی کار

بچەنان مقام هەر يەك نە يەك تار

نۆسەد تەمورە ژەن بەزم حەقانی

واوەيلاو ڕۆ ڕۆ پەی شين فانی .

جگە لەوە کاکە عابدين لە سەرەنجامەکەی لەگەڵ مەولا دەوێ دەفەرموێ :

دەوێژم نەغمەت بە مۆسیقارە

بەیانی جامەت یەك و هەزارە

واتە (ئاوازەکانت بە مۆسیقاوە دەڵێمەوە، ئاشکرایە دۆنەکانت هەزارو یەکن).

پیر وەشیار هەورەمانی لە کاتی شاخۆشیندا سەرۆکی تەمورەژەنەکان بووە دەفەرموێ:

نامێم قوباد بی هەمر چا لوڕستان

باش تەمورە ژەن چاگا بیانان

نۆسەد شاگردم بی ناوەر چۆگان. (کاکەیی، 2012، 867)

واتە( ناوم قوبادبوو و لە لوڕستان، سەر تەمورژەنی ئەو کات بووم نۆسەد شاگردم هەبوو لەبەر چۆگان )

لە دنیابینینی یارسانەکانەوە مۆسیقا کاریگەری لەسەر ئارام کردنەوەی ڕۆحەکان هەیە و گەوهەری هێزی نەرمە و گیانە شەرەنگێزەکان هێور و ئارام دەکاتەوە. ڕێگەیەکی هێندە جوانە کە مرۆڤ بەهۆیەوە ئەتوانێ بگاتە جوانی و بیرکردنەوەو نەمری. مۆسیقا بەشێکە لەسەفەری خوایی بۆ ناوڕاستی و پاکی و لێبوردن و بەخشندەیی، بەرەو دۆزینەوەی پەروەردگار لە ناو خۆتدا . لە ڕێگەی مۆسیقاوە سەفەر بۆ ناو ڕۆح ئەکرێت و قووڵ ئەبێتەوە لەناخی مرۆڤداو قسە لەگەڵ گیانی مرۆڤدا ئەکات و دەرگای جوانیەکانی لێ ئەکاتەوە.

بەکورتی نەمری ڕۆح و مۆسیقا دوو رەگەزی ئاوێتە بووی یەکترین، بەجۆرێك وا قوڵ ئاوێتەن کە لێک دانابڕێن و جیاناکرێنەوە. جوانی مۆسیقا و تێکەڵاو بوونی بەڕۆح کاریگەرترین هۆکارە بۆ ئەوەی شوێن کەوتوانی ئایینی یارسان جۆریک لە پیرۆزی و پاک بوونەوەی ناخ و گیان لە ڕێگەی مۆسیقاوە پەیرەو دەکەن. لە دیوێکی ترەوە مۆسیقا تێکەڵاوی هەموو بۆنە پیرۆزە نەریتی و بنەما کولتووریەکانی، شادی، شین و ناخۆشی و بەرگری و جەنگ دەکەن، هەر لە سەرەتاوە موزیك بەشێکی گەوهەری دانەبڕاوە لە ئایینی یارسان.

**3.پیرۆزیی و کاریگەریی و رۆڵی مۆسیقا لە لای باوەڕدارانی ئایینی یارسان:**

1. **مۆسیقا وەکو رەگەزێکی هێورکەرەوە بۆ نەیارەکان، هەروەها وەکو رەگەزێکی ووزە بەخشی ئیرادە بەرزکردنەوەی بەرگریکردن لە کۆڕی جەنگدا:**

ئایینی یارسان ئاینێکی کوردییە و بە درێژایی مێژوو لە دێر زەمانەوە وەکو بەشێك لە بیرو باوەرە ئایینییەکەیان هەمیشە قوربانیان داوە و بەرگریان لە خاکی خۆیان کردووە، لە بنەرەتدا باوەریان بە دەستدرێژی و داگیرکاری نیە و هەرگیز هەوڵیان نەداوە خاکی هیچ نەتەوەیەکی تر داگیربکەن. بەڵکو بەردەوام شۆڕشیان کردووە بۆ بەرگری لەخۆ کردن و خۆ ڕزگارکردن لە جەور و ستەمگەری.

هەروەها لەکاتی شکست و پاشەکشێدا هەوڵیانداوە کاریگەری چەوسانەوە و مادی و مەعنەوی داگیرکەران لەسەریان کەمبکەنەوە لەڕێگەی مۆسیقاوە گیانی شەڕەنگێزی دوژمن هێور بکەنەوەو مۆسیقا تێکەڵاوی ڕۆحی نەیارەکانیان بکەن تا ئاوازی مۆسیقا بخەنە ناو ناخیانەوە و هێوریان بکەنەوە.

لەم بارەوە لەساڵەکانی (٤٠٥)کۆچیدا بەفەرماندەی (شاخۆشێنی لوڕستانی) هەوڵی ڕزگارکردنی دەشتی زەهاو دەدەنەوە کە لەلایەن عەرەبە ئیسلامیەکانەوە داگیرکرابوو. بۆ ئەم مەبەستە لەشکرێکی گەورە پێکدەهێنن بەفەرماندەی شاخۆشێن و جێگرەکەی (لیزا خاتون) ئەم لەشکرە لای یارسانیان زۆر بەناوبانگە و بەلەشکری (نۆسەد نۆسەدە) بەناوبانگە و لەم لەشکرەدا نۆسەد (تەمبور ژەن) نۆسەد (دەف لێدەر) نۆسەد (شمشاڵ ژەن) لە پێشەنگی لەشکرەکەوە کۆریان بەستبوو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی نەیارەکانیان. لەپەرتووکی پیرۆزی سەرەنجامدا ئاماژە بەم لەشکرە کراوە .دەفەرمێ

نۆسەد نۆسەدە بەیۆ نە رووی کار

بژەنان مەقام هەر یەك نە یەك تار

نۆسەد تەموورەژەن بەزم حەقانی

واوەیلا و رۆرۆ پەی شین فانی

بەرامبەر نەیارەكانیان ئەوەستن و دەست بەلێدانی مۆسیقا ئەكەن بۆ هێوركردنەوەی گیانی نەیارەكانیان سەركردەی نەیارەكانیان بابا فەقێ ئەبێت بۆیە شاخۆشێن، لەڕێگەی نوێنەری خۆی بە ناوی (ڕەدایی ) ئەنێرێتە لای (بابا فەقێ) تا ئەم پەیامەی بداتە دەست.

(شاخۆشێن) ئەفەرموێت؛

(جەئۆلگەی لوڕستانا جەئۆلگەی لورستانا بابا خۆشێن ئەخزش كەرد جەئۆلگەی لوڕستانا، نۆسەد دەف چی، نۆسەد تەمبور دانا نۆسەد بلور دانا، بابا فەقێ بنیش كاشاهات هات بە میوانا) واتە : (بابا فەقێ) (شاخۆشێن) لە لوڕستانەوە هاتووە نۆسەد دەف لێدەر، نۆسەد تەمبور ژەن، نۆسەد شمشاڵ ژەن لەگەڵ لە شكرەكەیدایە، شاخۆشێن لای تۆ میوانە بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە سەر ڕێگەی ڕاست، بەڵام لەم كاتەدا بابا فەقێ زۆر بەڕەقی وەڵام ئەداتەوە و ڕووبەڕووی ئامێرە مۆسیقیەكانی ئەمان، پەنا بۆ شمشێر ئەبات و ئەڵێ: چەنی چەند وقتن دەرئین درەی تنگم

شمشێر بە دەست اس بروش بە جنگم

(زمانی شمشێر نەبێت هیچ زمانێكی تر نازانن).

لە ئەنجام وەرگرتنی ئەم وەڵامە شاخۆشێن فەرمان ئەدات دەست بكەن بەلێدانی مۆسیقا، بەجارێك ئەو ناوە پڕ ئەبێت لە ناڵەی دەف و سۆزی شمشاڵ و ئاوازی تەمبور، بەردەوام ئەبن تا ئەنجام بابا فەقێ دێتە بەردەم شاخۆشێن و ئەڵێت



ڕێپێوان و خۆپشاندانی بەكۆمەڵی یارسانیەكان و بەكارهێنانی ئامێری تەمبور

فەقێ بییا ماوە توو ئەز هەم ما ئیم

قەپانی باوەران مەردان بزمائیم

هەر كەس وەزنش سەنگین ترەند ئەو رەهنەمائیم

(واتە وەرە فەقێ من و تۆ كە پێكەوە ماوین ترازز بهێنین هەموو مێردان بكێشین ، هەر كەسێ كێشی گرانتر بوو ئەو بە رابەر و ڕێنوێنی خۆمان دەزانین(كاكەیی، 2013 ، 48-56).

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت كە مۆسیقا كاریگەریەكی بەهێزی هەیە بۆ ئەوەی مرۆڤەكان لەگەڵ خودی خۆیان ئاشت ببنەوەو ببنە هەڵگری ناسنامەی خۆیان و خاك و نەتەوە بكەنە سومبلی جوانیەكان.

ئەمرۆش یارسانەكان ئامێری مۆسیقا ئاوازە پیرۆزە تایبەتیەكان وەكو جۆرێ لە چەكی بەرگری بەكاردەهێنن لە مانگرتن و ڕێپێوان و خۆپێشاندانی جەماوەری بەدەم ژەنینی مۆسیقاوە سروودەكان بە دەنگی بەرز بەكۆراڵی كۆمەڵ دەلێنەوە و مەبەستی خۆیان بە داگیركەر یاخودد دەسەڵاتی ستەمگەر دەگەیێنن.

2. **مۆسیقا وەكو بەشێك لە ڕێوڕەسمی بەخاكسپاردنی مردوودا:**

لە بیروباوەڕی ئایینی یارساندا باوە بە دەف ژەنین و شمشاڵ و تەمبورەوە ئازیزانی خۆیان بەرەو دووا مەنزڵگا بەڕێ دەكەن و بە لاوەندنەو و چەمەری ماڵئاوایی لێدەكەن، كە پێی دەگوترێت (چەمەرانە) بە گشتی جۆرێكە لە شیوەن كردن. لای یارسانەكان مەرگ یان مردن وەكو كراس گۆڕینە (قاڵب گۆڕین) ، ئەمەش دەبێتە سەرەتای دۆن گۆڕین و ژیانێكی نوێ. كردەی مرۆڤ ئەبێتە بنەما بۆ بەرزبوونەوە و بەردەوامی ڕۆح و لەجەستەیەكەوە بۆ جەستەیەكی تازە تا دەگا بە چاوداری(ڕۆشنبوونەوە) ئەنجامیش ئەچێتە ناو جوانیەكانی نووری مەولا ومۆسیقا . دۆزینەوەی جەستەیەكی نوێ و سەرەتایەكی تری ژیانی نوێ دەستپێدەكات لەگەڵ ناڵەی دەف و سۆزی شمشاڵ و ئاوازی تەمبوورە. ئەم پرۆسەی بەڕێ كردنی كۆچ كردوان لای یارسانیان پێی دەوترێت (چەمەری).



(هەورەمان،2011، 95) .

ئەمرۆش ئەم نەریتە کەلتوریە ئایینیە درێژەی هەیە لە هەر کوێیەك یان لە هەر شوێنێك یارسانییەکان کە لێی نیشتەجێن وەکو ئەوەی لە سەرەنجام هاتووە لە سەردەمی پردێوەردا هاوسەری پیر محەمەدی گەورە سوار (زەینەب خان) ی دایکی شا ئیبراهیم کۆچی دوایی دەکات، یاران وەکو نەریتێکی ئایینی حەوت رۆژ پرسەی بۆ دادەنێن و نەریتی چەمەریشی بۆ سازدەکەن. کە سوڵتان خۆشی لەم پرسەیە بەشدار بووە.

وەکو پیر مەحمەد دەفەرموێ:

تا هەفت ڕۆژ عەزا چە یانەم هەنە

واتێ پەرێ من کڵام بووەنە

| | |
|---|---|
| چەمەری کۆتەل مێردان بژەنە | شین و زاریمان بێ چون و چەنە |
| ماچمێ وە یاران شیوەنت وەنە | باوان باوات کەرمێ خەوەرە |
| ڕاگەی دالاهۆ گیریان چە وەرە | چە یانەی وێمدا بۆ وە چەمەرە |

واتە (تا حەوت ڕۆژ پرسە لە ماڵمدا هەبێ، فەرمووت بۆم کەلام بخوێنە، با مێردانیش چەمەری و کۆتەلم( دوو دار ی راست و چەپ دەیانبەست و پۆشاکی مردووەکەیان لەسەری دادەناو بەدەوریدا شینیان دەگێرا) بۆ سازبکەن، بە بێ چوون و چەن شیوەن و زاریم بۆ بکەن، بەڵێ بە یاران دەڵێن شیوەنت بۆ ساز بدەن باوانی باوکانت خەبەردار دەکەینەوە، وا ڕێگەی دالاهۆ لەبەر گیراوە، لە مالی خۆمان چەمەری بەرپا دەکەین) (کاکەیی،2012، 700_701)

3-. **مۆسیقا لەکاتی ئەنجامدانی پرۆسەی جەم و بۆنە ئایینیەکانی یارساندا:** جەم کۆبونەوەیەکی نزاکردن و خێرکردنی کۆلێکتیڤە. کارلێکی کۆمەڵایەتی و پەرستش و بەسەرکردنەوەی یەکترو ئاشتەوایی و بڕیاردانە. لەجەمدا ڕۆحەکان ئاوێزانی یەکترئەبن، لای یارسانیەکان لەپرۆسەی جەمدا مەرجە ئاگر (چرا) بوونی هەبێت(نور وەکو ڕۆحێکی پیرۆز بەشێکی پێدەدرێت). نوری پیرۆز رەگەزێکی پیرۆزی ئایینی یارسانەو لە تێکستەکانی سەرەنجامیش ئاماژەی پێکراوە بۆیە لە جەمیش پیرۆزی چرا پارێزراوە.



وێنەی گروپی تەمورە ژەنی یارسانی(محمد، 255.2019)

جەم لای یارسانەکان بە کەعبەی یاران دەژمێردرێت، جەم دیوان و بارەگای سوڵتانە لە کەلامەکاندا زۆر بایەخیان بە پیرۆزی جەمداوە، جەمنشینان پێك دێن لە (پیر، خەلیفە، دەلیل، خادم، بەژدار). مۆسیقا وەکو بەشێکی گرنگ و بنەڕەتی لە جەمدا دەژەنرێت بۆ گەرمکردنی

کۆڕی جەم و کەڵامخوێندن و چەپەدەست. لە ڕیشەدا ڕۆح و مۆسیقا بە شێوازێك ئاوێتەی یەکترن لە ئایینی یارسان کە ڕۆح بێ مۆسیقا ئامادە نیە لە هارمۆنیدا بێت لە ناو جەستەدا، بۆیە لەجەمی یارساندا بەدەم تەنبورە ژەنین و کەڵامخوێندن و نزاکردنەوە بەشێوازێك کۆڕی جەم گەرمدەکرێ بەو تێکست و ئاوازە پیرۆزە تایبەتیانەی کە ڕۆلیان هەیە لە خرۆشاندنی ناخی بەشداربووانی پای جەم. زکرو پەرستشی



تەمورژەنێك لە شوش دۆزراوەتەوە 1191_1117 پ.ز(باقی، 2002، 107)

کۆلێکتیڤی ئامادەبوان( نێر و مێ کە پێویستە جەست و دەروونیان خاوێن بێت) لە ژێر کاریگەری مۆسیقا( ژەنینی تەنبور_ تێکستی پیرۆز و ئاوازی تایبەت) لە کەشێکی ڕۆحی میدیتەیشن ئاسا زیاتر ڕووئەچنە ناو ڕۆح و ئەندێشەی خۆیانەوە. ئەم پرۆسەی مۆسیقایە لەجەمی یارساندا پێی ئەوترێ (چەپ و دەس) مەرج نیە مۆسیقارەکان تەنها پیاو بن، بەڵکو هەرلەسەرەتاوە ژن پێگەیەکی دیاری هەبووە، لەسەرکردایەتی کردن و ژەنینی مۆسیقادا لەپرۆسە جیا جیاکاندا. لەناودارترین ئەو ژنانە (دایە خەزانی سەرگەتی) سەرکردەو تەمبور ژەنێکی لێهاتوو بەتوانابووە، لە سەدەی پێنجەمدا ژیاوە (لیزا خانم) تەمبور ژەنێکی بەتوانابووە، یەکێک بووە لە فەرماندەکان لە لەشکری نۆسەدنۆسەدە. (دایە تەورێزی هەورامی) تەمبور ژەن بووە،( دایکی سان سەهاک) تەمبور ژەن بووە، هونەرمەندو فەرماندەبووە، هەروەها (گوڵی خاتوون، ئاونگ خاتوون، نسێ خاتوون، ڕۆچیار خاتوون) ئەمانە هەموویان فەرماندەو تەمبور ژەن بوون. (محمد،2019، 255_254)

**4.ئامێری تەمبوور:**

ئامێری تەمبوور یان تەنبوور یان تەموور یان تەمیرە یان تەموورە لای یارسانەکان، ناوی ئامێرێکی مۆسیقی ژێدارە، واژەی ناوی تەنبور کە لە دوو وشە پێك هاتووە، (تار)( مور) بە مانای ئامێری ژێدار (مور) یش لە ناوچەکانی کرماشان و ئیلام بە مانای کۆتەڵ چەمەری و شیوەن واتا ئامێری شیوەن دێت. هەندێکیش دەڵێن وشەیەکی هیندو ئەورووپیە، لە زمانی هیندی بە مانای ئامێری مۆسیقایی، واتای دەنگیش دەدات. لەسەدەکانی ناوەڕاست گەیشتۆتە ئەوروپا. پێکهاتووە لە سندوقێکی شێوەی هەرمێ لەسەر ڕووەکەی چەند کونێکی هەیە و بە قامک دەژەنرێت. چەندین جۆرە دار هەیە کە لە دروستکردنی تەنبور بەکاردەهێنرێت، ئەمەش لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر بە پێی خو و بژاردە و نەریتی وەستاکان، ناوچەکان، جیاوازن، بەڵام گونجاووترینیان دار گوێز ، توو ، قەیسی، ساجی، گوڵ، بەڕوو، هەنجیر و چنارە، چونکە ئەو جۆرە دارانە ئاوازی نەغمەی باش دەردەکەن و هەموو دارەکان هاوشێوەی یەکتر نەغمە نادەن( واتە دار هەیە لە داری تر نەغمەی زوڵاڵتر و خۆشترە). تەنبوور ملێکی درێژی هەیە کە لە کۆتاییدا باریك دەبێتەوە، دوو ژێی هەیە کە بە ژێگر دەبەسترێن سەرەکەیان بە کلیلەکانەوە لول دەدرێ، لە کۆندا ژێکان بە ئاوریشم دروست دەکران، بەڵام ئێستا لە تەلی کانزایی دروست دەکرێن. ( باقی،57،2002).

شوێنکەوتووانی ئایینی یارسان وەک سازێکی پیرۆز لە بۆنە ئایینی و عیرفانییەکانیاندا کەڵکی لێ وەردەگرن و دوعا و پاڕانەوە و زیکرەکانیان بە ئاواز و تێکەڵ بە مۆسیقای تەنبوور پێشکەش دەکەن.

لە توێژینەوە هاوچەرخەکانی ئێرانییەکاندا، بە پێی بەڵگەنامە شوێنەوارییەکان (چەند پەیکەرێکی ژەنیاری دێرین) لە ئیلامی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دۆزراوەتەوە. بە دڵنیایەوە ئاماژەی ڕوونن بۆ ئەو قۆناغی مێژووی ئەم ئامێرە کە دەگاتە زیاتر لە 6000 هەزار ساڵ. دیارە شارەزایانی مێژوونوسانیش لەسەر ئەو ڕایەن کە زۆربەی ئامێرە ژێدارەکان لەسەر ئەم ئامێرە دروستکراون. هەروەها یەکێ لە

گرنگترین شوێنەوارە دێرینەکان لە نزیك مەزاری حەزرەتی دانیال پێغەمبەر، کە دەکەوێتە ناوچەی (شوش) چەند پەیکەرێك دۆزراونەتەوە کە ئاماژە بە دوو پیاوی تەمبوورژەن دەکەن، ئەم پەیکەرانە بە پێی مەودا زەمەنیەکەی دەگەڕێتەوە بۆپێش دەرکەوتنی حەزرەتی پێغەمبەرموسا.(حەمەڕەش،87،2013).


پەیکەری چەند تەمورژەنێك لە ئیلامی رۆژهەلات دۆزراوەتەوە، (حەمەرەش)

هەڵبەت ئەو پەیکەرانەی دۆزراونەتەوە بە روونی دیار نیە چ ئامێرێك دەژەنن ، بەڵام کە بە وردی سەیری بکەیت زیاتر لە تەنبوور دەچێ.

مێژووی تەنبوور لەناوچەکەدا لە چواردەوری میللەتانی کورد و فارس و تورک سوڕاوەتەوە، هەرچەندە ئەو سێ گەلە ئەم ئامێرە مۆسیقییەیان هەبووە و لە شێوەو بەکارهێنانیشدا جیاوازییان هەبووە. بەپێی زۆربەی سەرچاوەکان، ئەو بەڵگانەی لەبەردەستن بە ئێستاشەوە خاوەنداریێتی ئامێرەکە بۆ کوردە، پاشان بە ناوچەکانی دیکەدا بڵاوبووەتەوە.

هەروەها لە ئینسکلۆپیدیای بەریتانی نوسراوە کە ئامێری تەنبور کوردیە، وە لە دیوێکی ترەوە لە کتێبی ( les in struments de muique dans le mond) کە لە سالی 1980 لە پاریس چاپکراوە ، لە لاپەرە (100 و 160) نوسراوە لە بنەرەتدا گەلێك لە ئامێرە مۆسیقاییەکانی ڕۆژهەڵات، وەك (تەنبور و بزخ bazuq) دەگەڕێتەوە بۆ کورد، زیاتر دەنوسێ هەر لە سەرەتادا کورد ئەو ئامێرە مۆسیقایانەی دروستکردووە و دایهێناوە وە هەروەها لە ئینسکلۆپیدیای ئیسلام ئاماژە بە هەمان ڕەگەز دەدات کە ئامێری مۆسیقا لە ناو کوردا بە زۆری لە لایەن پیشەگەرە ناوچەیەکانی کورد خۆیەوە دروستدەکرێن و بۆ ژەنین بەکار دەبرێن.( پیربال، 20،2010)


(bayrak,2002, p80)تابلۆی ژەنیاریکی ئیزیدی

پەیکەری گلینی تەموورژەنێک، کە لە: شوش دۆزراوەتەوە ١٥٠٠ پێش زایین

جگە لەوە خاتوو دکتۆر شەهرەزاد قاسم لێکۆلەرێکی مۆسیقایی عەرەب نەژادە و دوای رەنج و تەقەلایەکی زۆری زانستیانە لەم ساڵانەی دواییدا کتێبێکی تایبەتی لەسەر بنەچە و جوگرافیا و مێژووی ئامێری مۆسیقا نوسیوە، بە دڵنیایەوە دەیسەلمێنی کە لە کۆنترین ڕۆژگاری مێژووەوە، ئەم ئامێرە تایبەت بووە بە کورد و بە ناوچەکانی کورد نشین و لە ناوچەکانی عەرەب نشیندا، شوێنەواری بەکارهێنانی نیە. بۆیە بەسەرسوڕمانەوە دەڵێ: ( لە کاتی سوراغ و مەیدانکردنەکانمان ، لە هەندێ ئامێرساز و ئامێرژەنی عەرەبمان پرسی: ((هۆی دروست نەکردن و بەکارنەهێنانی ئامێری تەنبور چیە؟ پێیان دەوتین: تەنبور زمانی کوردی خۆش دەوێ) مەبەستیش لەم قسەیە ئەمەیە کە تەنبور زیاتر لەگەل دەنگ و ئاوازی کوردیدادەسازێ.(باقی،56،2002)

بەهۆی مێژووی کۆنی ئامێرەکەوە لە ناوچەکانی کوردستان ناوهێنان و تێروانینی کوردەکان لە پارچەکانی کوردستان جیاوازە بۆی،

بۆنموونە:لە باکووری کوردستان دەڵێن تەمبوور. لە باشووری کوردستان لە ناو یارسان بە ناوی تەموورە.لە ناو کوردەکانی خوراسان دا دەڵێن تەمبوورە.(حەمە رەش،2013،لا45).لەگەڵ ئەوەشدا گەلانی دیکەی دونیا تەنانەت ئەفریقاش تەنبوریان هەیە و لەو کیشوەرەش مێژووی خۆی هەیە،


پەیکەری گلینی تەنبوورژەنێک کە لە: شوش - دۆزراوەتەوە ١٥٠٠ ساڵ پێش زایین


(حەمەباقی،2002، لا109)

**ئەم ناوانەی خوارەوە ناوی تەمبوورەکانن:**

(تەنبووری شێروانی.،تەنبووری خوراسانی، تەنبووری بەغدادی یان مەزانی، تەنبووری

تورکی).جگە لەمانە تەنبووری دوو تەلی، ئامێرێکی سەرەتاییە و لە باکووری ئەفریقا دەژەندرێت.نای تەنبوور، کە بە کەمان دەژەندرێت.تەنبووری مەراکەشی، کە ٧ تەلی هەیە.(شهرزاد ، 1976،44.)

لەگەڵ تەنبوور چەندین ئامێری دیکەش لەناو کوردانی ، سوڕنا ، نەی، کەمانچە، تار...هتد) هەموو ئەوانە یارساندا هەبووە و ماوەتەوە لەوانە (دایرە، دەف، تەبەڵ بەشێکی زیندووی کلتووری ماددی و مەعنەوی مۆسیقای کوردن وە تاکو ئەمڕۆ دەورو کاریگەری گەورەیان هەیە.، هەمیشە پارچەیەکی بچوك لە پەڕۆی سەوز بە سەری داری تەموورەکەوە ئاویزانە وەکو هێمای پیرۆزی ئامێری تەنبوورە. ئەو ئامێرە هەمیشە بە شیوەیەکی ئاوەها بە دیوار هەڵدەواسرێ کە بەرزترین شوێنی هەبێت و ئەو ژوورەش کە تیایەتی دەبێ هەڵسوکەوتێکی شایان و ڕێزلێگیراوی لەگەڵ بکرێ، لە کاتی چوونە ناو ژوورەکە بەر لە ژەنین و دوای ژەنینیش بە دەست هەڵیدەگرن و وەك نیشانەی پیرۆزی سوزدە(ماچ)ی دەکەن.




چەند جۆرێک لە تەموورەی: خۆراسانی، کوردی، تورکی، ئەفغانی

**4. تەموورەی یارسانەکان 12 پەردەی هەیە و خاوەنی چەند مەقامە کە گرنگترینیان بریتین لە:**

**1. کەلام(گوتار) :** ئاوەزەکانی پەیوەندیدار بە کەلامی نوسراوە، بەم مەقامە دەخوێننەوە و ڕیز و پیرۆزی تەمورەش هەر هی ئەم مەقامەیە و لە زۆربەی سەردەمەکاندا بەم ناوە نوسراوە زۆربەی کەلامەکان و سەرەنجام بەم مەقامە دەخوێنەوە و کەلامە سەرەکیەکان کە 72 ئاوازی تایبەت لە خۆ دەگرێ، کە بە مەقامی پردێوەریش بەناوبانگە.

**2.مەقامی مەجلیسی(بەزمی) :** لەم بەشەدا 13 هەتا 20 مەقام بەرچاون بە زۆری بە تەموورە بەرێوە دەچن، بەلام سازەکانی نای و دەهۆل و دووزەلە و شمشالیش تێدا بەکاردێت وە لە دەرەوەی جەمخانەش دەگوترێنەوە.( مورادی، 1393،96-97)

**3.مەقامەکانی مەجازی یان گۆرانی:** کە نەغمە و ئاوازی عیرفانی لەخۆ دەگرن. لەمبارەوە ناوی زیاتر لە 60 جۆر ساز لە سەرنجام هاتووە کە سازەکانی ناوچەی کوردستان بوون ، لەسەرووی هەموبانەوە تەمبور دێت پاشان( عود، زورنا، ناقوس، کەمانچە، تار، سەنتور، چەنگ، نای ، دۆل، دوکە، نفیر، بلوێر،...هتد).(تاهیری، 2009،754).




( باقی،57.2002)

لەگەڵ ئەم مێژووە کۆنەی تەمبوور لەهەناوی ئایینی یارساندا بۆتە توخمێکی بنەرەتی و پیرۆز لە پەرستش و بەکارهێنانی لە ڕێورەسمە ئایینیەکاندا، ئەم ئامێرە بە قوڵی تێکەڵی پیرۆزیەکانی ئایینی یارسان دەبێت و بە درێژایی

مێژوو ڕۆلی کاریگەری هەیە تا سەرچاوە دەگرێ لە ئەفسانە. مۆسیقا بە

گشتی وە بە تایبەت تەنبور بە جۆرێ بڵاودەبێتەوە زیاتر وەکو ئامێرێکی میللی زۆربەی خێزانە یارسانیەکان لە بۆنەی کۆمەڵایەتی تریش دەیژەنن جگە لە بۆنەی ئایینی. هەرچەندە لە سەردەمی هاتنی ئاینی ئیسلام بە دواوە کولتووری یارسان پەراوێز دەخرێ و رۆلی مۆسیقاش لاواز دەبێت، لەگەل ئەوەشدا لە کەشە ئایینی و عیرفانیەکاندا تەنبور هەر ژەنراوە. تەنانەت ئامێری تەنبور لەناو شیعر و وتە عیرفانییەکانی مێژووی ناوچەکەش مۆرکی پیرۆزی خۆی وەرگرتووە و بەکار هاتووە،

لە زۆر قۆناغدا شارەزا و پسپۆرە ڕۆحانیەکانی ئایینی یارسان بەهای تەنبور و ژەنینی تەنبوریان تا ئاستی ئایدیال بەرز کردۆتەوە، بە ئاوێتەکردنی ڕۆحی عیرفانی و عیشقی خۆیان بۆ تەنبورە.

جگە لەوە چەند نوسراوێکی کۆنی یارسانیەکان لە لایەن شێخ حاتەم کەساییەتیەکی یارسانیە لە سالی 1812 ، لە نوسراوەکەدا لەسەر مۆسیقای یارساندا هاتووە و دەفەرموێت:

((بزانن کە خولام خوداوەن دوو عالەم، حاتەم، ئۆشی یان چەن قس لە کەلام بنیامین ك ئرا خەلك گۆران و ئەوان کە تەمیرە و دەسگرن نۆسم، بزانن ك تەمیرە بازان دوو قسمن: یەکی عەوامن یەکی خەواس. هەردێکیان تەمیرە خاس بزانن وەلێك عەوام هەر وە دەسەلات جسمان بکوتن. تەمیرە وە زەوال جسم بێدەنگ نەود وە خەواسەن ك جسمان بێ زەوال بوود. دوایی خەواس تەمیرە باز یەعنی ئەوانە ك دەنگ تەمیرە وە مەدەد دڵ نەوە دەس دیاری بکەن. یە نە هەر یە دەنگی ئەمانەنی بۆە، دەنگ دین حەق سولتانە یە دەنگ ملائیك و هەفتەن و یارانە،علم موسیقی و کەلام ئیلاهی سولتان و هەفتە و مەعرفەت ئیلاهی واتە ئەوانە ك گشت کەمیەت و نەو ئەسهواتە حاسل بیە. دوای بە علمهی ئەسلی تەریقە و دینمانە کە خەواس زانن و ئە موسیقیە کە عەوام زانن لە دین ئیمە نیە. وە ئاخر قسەمیش بزانن کە موسیقی ك بێ کەلام سولتان بۆ، هەر کاخەزی چەرمینە کە نەنوسیاس. کاتی ك وە گەرد کەلام دینمان وە دەسەلات رەوحانی نەقش بکەن ئەرزشی چۆ خەزێنە ئەسرار سولتان دێری و ئەگەریش و گەرد قسەی دون قسەی سولتان نەقشی بکەن ئەرزش دون لە ئاگر سوزانن نەیری.))

نوسینەکە لەوێدا کۆتایی دێت سەید حاتەم دەیەوێ بێژێ کە بۆ ئەم نوسینە سودی لە ئامۆژگاریەکانی کلامی بنیامین وەرگرتیە ئامۆژگارییەکە بۆ گۆران و تەمورە ژەنەکانە، شێخ حاتەم دەڵێت: تەمووره ژەنەکان دوو جۆرن، خەڵکی سادە و خەڵکی تایبەت، ئەوانە هەردووکیان دەزانن تەنبور لێبدەن، بەڵام خەڵکی سادە بە هێزی لەش تەنبورە دەژەنن نەك بە ڕۆح، بەڵام ئەو تەنبورە ژەنانەی کە تایبەتن ئەوانەن، کە بە هێزی دڵ و ڕۆح تەنبورە دەژەنن، ئەمەیان دەنگی دینی هەقی سوڵتانە ، ئەوە دەنگی فریشتەکانی هەفتەوانە و مەعریفەتی خودایە کە پڕیەتی لەدەنگە ئاوێتە کراوەکان، ئەمە مەعریفەتی دروستی ڕێچکە و ئایینی ئێمەیە کە تەنبورە ژەنە تایبەتەکان دەیزانن و ئەو زانینەی مۆسیقا کە خەڵکی ئاسایی دەیزانن لە ئایینی ئێمە نیە، دواهەمین قسەم ئەوەیە: ئەو مۆسیقایەی کە کلامی سوڵتانی تێدا نەبێت وەکو کاغەزێکی سپی وایە، کە هیچی لەسەر نەنوسراوە، کاتێك ئەو کاغەزە هەر ووشەیەکی لەسەر بێت جگە لە ووشەکانی سوڵتان ئەوە شایەنی هیچ نیە جگە لە سوتان. (سوران حەمە رەش، ووتاری دۆزینەوەی کۆنترین نوسینی کوردی لەسەر مۆسیقا کە بە زاراوەی کرماشانییە و لە لایەن یارسانیەکان نوسراوە، ووتاری بەشی مێژووی




دەروێشێکی ژەنیاری عەلەوی بەگداشی لە ناوچەی تورفەی یاکور(bayrak,2002,p1019)

کورد،HISTORY OF KURD)

جگە لە ئاینی یارسان، ئاینە کوردیەکانی تریش بە شێوازی خۆیان تەمبور پیرۆز دەکەن و دەیژەنن وەکو ( ئالەڤی بەکتاشی و ئێزیدیەکان) (تاهیری،2009: 754).

لە ئایینی یارساندا لە جەمدا کلاّم بە ئاوازی تەنبورەوە دەخوێنن، هەر لە سەرەتای جەمبەستن و دەرهێنانی تەنبورە لە کەوڵی خۆی، ژەنیار دەبێ جەستە و ناخی پاك بێت و بە بڕواوە توافی ئامێری تەنبورەکە بکات بەر لە ژەنین( ماچ کردن و سوزدە بردنی ژەنیار بۆ زات و ڕۆحی پیرۆزی تەنبورەکەیە) هاوشان جەمنشین دادەنیشن دەست بە ڕێورەسمی ئامادەکردنی جەم دەکەن لە کۆتیشدا کە ژەنین تەواو دەبێت دیسان ئامێری تەنبورەکە تواف دەکرێ(ماچ دەکرێ).

لە گۆڤاری das volk kurden لە بەرگی LVII بڵاو کراوەتەوە، مۆسیقاژەنێکی دەروێشی کوردی ئورفەیە لە کوردستانی باکور، بەڵگە سەڵماندی ئەم ڕاستیەیە لەم گۆڤارە، لە وتارەکیدا بە زمانی ئەلمانی، باسی مۆسیقا و گۆرانیي کوردی کردووە، لە شاری ئورفە، ژماریەك لەعەلەویەکانی تێدایە، کە لای عەلەویەکانیش تەنبوور پیرۆزە و لە بۆنە ئایینیەکاندا وەکو ئامێرێکی پیرۆز بەکاری دەهێنن. ( مورادی، 2017: 22).

لە نێو پەیڕەوانی ئاینی ئێزیدیش ئەم ئامێرە پیرۆزە و لە بۆنە ئاینییەکان دەیژەنن، پێکهاتە وتوێژەکان کە پشتاو پشت میراتین، لەوانە میر و پسمیر و بابا شێخ و کوچك و فقیر و مورید و قەوواڵ، ئەمانە هەموویان بە سروشتی فێربووین و دەزانن ئامێری شمشاڵ و تەنبوورە بژەنن، چونکە لە بۆنە و ئاهەنگەکانی ئایینیان(زۆرجار یارسانەکانیش بەشداری دەکەن لەگەڵیان) گرنگ و بایەخدارن، بۆیە ژەنینی ئەم ئامێرە فێری منداڵکانیشیان دەکەن. (ریچ،1992: 87) لە سەفەرەکەیدا لەساڵانی(1820-1821 ز) بۆ کوردستان لە کتێبەکەی دا وێنەی هێلکاری گۆرانی بێژێکی نابینای ئێزیدی کێشاوە، کە ئامێری تەنبوورە دەژەنێ ،سەبارەت بەم گۆرانی بێژە دەڵێ: شەوێکی تەواوم لەگەڵ ئەو گۆرانی بێژە و تەمبوورژەنە بەسەر برد، کە ناوی لاسۆ بووە، دەیان سترانی شیرینی چڕیوە لە ناویاندا لێ لێ غەزالێ، کە هەرگیز لە یادم ناچێتەوە، ئەم گۆرانییە دڵگیر و پر لە ئاوازە، بەسەرهاتی کیژە کوردێکی جوانی ناکام بوو بە ناوی غەزاڵێ، کە خەڵکی ناوچەی شەنگاڵ بوو، تەنها سێ ڕۆژی دەمێنی بۆ گواستنەوەی بۆ کوڕە دڵدارەکەی کە حەسەن پاشای باوکی ئەحمەد پاشای(والی سەدەی نۆزدەهەمی بەغدا بووە) بێ لەبەر چاوگرتنی هیچ ڕێساو یاسایەك، یەکسەر فەرمان دەدا بۆ خۆی بیگوازێتەوە. ئەمەش دەبێتە برینێکی قولی سارێژ نەکراو و چەندان بەیت و گۆرانی لێکەوتۆتەوە.(ریچ،87،1992)


تابلۆی کچە تەنبورژەنێکی یارسان)(bayrak, 2002, 105

عەلی ئەکبەر مورادی کە بە باوکی تەنبووری جیهان دەناسرێت، لە ریزی ٥٠ ژەنیارە گەورەکانی موزیکی جیهاندا ناوی تۆمار کراوە، ئەو زاتە بەمجۆرە باس لە رۆڵی ئایینی یارسان لە پاراستنی موزیکی کوردی و پێگەی موزیکی کورد لەسەر ئاستی جیهاندا دەکات و دەڵێت: "موزیکی کوردی نەك تەنیا لە ناوچەکە، بەڵکو لە ئاستی جیهاندا موزیکێکی دەوڵەمەند و بەرفراوانە. ئێمە نەتەوەیەکی نزیك بە ٤٥ ملیۆن کەسین، ئەگەر رێژەی کورد لەبەرچاو بگرین، هیچ نەتەوەیەك هێندەی کورد موزیکی جۆراوجۆری نییە".

تەنبوور وەك ئامێری یارسان سێ جۆرە مەقامی هەیە، یەك لەوانە پێی دەگوترێ "مەقامە باڵاکان" کە لە مەقامە کۆنەکانی ئەدواری موزیکی ئێرانە، لەناو ئەو مەقامە باڵایانە مەقامێك هەیە، بۆ "خۆر" بەگشتی سەرجەم گفتوگۆ و حاڵەت و بۆنە عیرفانییەکانی ئەو ئاینە لەسەر بنەمای موزیك بنیات نراوە.

کاتێك "شاخۆشین" دەمرێت وەسیەت دەکات، دەڵێ ئەو تەنبوورەم ببەن لە هەموو کوردستاندا بیگەڕێنن، لە هەر شوێنێك تەنبوورەکە "کۆك" بوو من لەوێ بەخاك بسپێرن، ئەو سەردەم سنوورەکانی

کوردستان وەکو ئەوەی ئێستە نەبووە و خەڵك بە ئاسانی توانیویانە لە ئیلامەوە بەرەو دیاربەکر کۆچ بکەن، کاتێك تەنبوورەکەی شاخۆشین دەگێڕن بە کوردستاندا، تەنبوورە پیرۆزەکە لە ناوچەی هەورامان کۆك دەبێت و لەوێ دەینێژن. بە گشتی موزیك لە ئایینی یارساندا پیرۆزە و ڕێزی لێ دەگیرێت. تەنبوور لەناو یارسانەکاندا لە هەمووان پیرۆزترە و ماچ دەکرێت و موزیك چووەتە ناو ژیانی ڕۆژانەی بڕوادارانی یارسانەوە.

تەنبوور نزیکەی ٨٠ مەقامی هەیە و لە کۆنەوە لێی بەجێ ماوە، ئەو مەقامانە "مەقامە باڵاکان"، "مەقامە مەجلیسی"، "مەقامە مەجازییەکان" و ئەو مەقامانە کە لایەنی کەم مێژوویان دەگەڕێتەوە بۆ هەزار ساڵ لەمەوبەر، هەر لە ڕێگەی ئەو خەڵکەوە تا ئێستە پارێزراون، هەزاران ساڵە موزیکی کوردیان سنگ بە سنگ هێناوە و پاراستوویانە. موزیکی تەنبووریش گەنجینەیەکی بەهادار و نەمرە."

عەلی ئەکبەر سەبارەت بە مەقامەکانی یارسان دەڵێت: " تەنبوور سێ جۆر مەقامی هەیە، یەکەمیان مەقاماتی باڵایە کە حاڵەتی زکری هەیە، بەڵام زکری جۆراوجۆر، بۆ نموونە زکرێك هەیە حاڵەتی وێناکردنی هەیە کە کەسایەتییە ئایینییەکان و خۆر و شوێنە ئایینییەکان وێنا دەکات. دووەمیان مەقامە مەجلیسییەکان یان مەقامە کۆنەکانە، ئەو مەقامە بە شێوەی دەنگە و پێی دەڵێین دەنگبێژ "نەك گۆرانی" ئەو مەقامە دەتوانرێ لە دەرەوەی یارسانیش بەکار ببرێت، وەك قەتار و هیجرانی و پاموری و تەنانەت هەندێك لەو مەقامانە دەکرێ بڵێین مەقاماتی "هۆرە"یە، وەك ساروخانی. ( ئەکبەر، 2016،5)

کولتووری تەنبوورژەنین لە دێرین زەمانەوە لە لای یارسانەکان دەورە بە دووای دەورە وەکو ئامێرێکی باوی پیرۆز بەکارهاتووە، ڕۆحی نێر و مێ لە ئایینی یارسان بەهای یەکسانی وەرگرتووە، کە لە سەر بنەمای سستەمی ڕۆح بینا نراوە، هەر لە دێر زەمانیشەوە ئەو ئازادییە ڕەوای ئافرەت بینراوە، توانیویەتی لە بواری مۆسیقا چالاکی بنوێنی و چەندان ئافرەتی کوردی یارسانی توانیویانە ئامێری جۆراو جۆر بژەنن و شوێن پەنجەیان لە مێژووی یارسان بە نەمری جێ بهێڵن، لە ڕووی ئایینیشەوە لە ناویارسانیەکان ئافرەت پێگەی بەرز و پیرۆزی خۆی هەیە.( هەورامانی، 2011: 85).

نموونە: دایە تەورێزی هەورامی شاعیری هەست ناسك و پەیرەوکارێکی ئایینی کوردانی یارسان و ڕۆشنبیر بووە لەسەرەتای سەدەی چوارەمی کۆچی لە هەورامان هاتۆتە دونیاوە. ئەم خانمە شاعیرە، لەگەل ئەوەش تەمبوورە ژەنێکی لێهاتوش بووە و لەگەڵ زایەڵەی ( تەمبوورە)دا کڵامی خوێندووە. جگە لەوە ، مامە جەلالە خانمی لوڕستانی 406 – 467 ك ئەم خانمە شاعیرە کچی میرزا ئامانی فەرمانڕەوای لوڕستان بووە، ئەم خانمە جگە لە شیعر لە هونەری مۆسیقا دا مامۆستایەکی کارامە بووە بەتایبەت لە ئامێری تەمبوورەدا هەردەم بەدەم زایەڵەی تەمبوورەوە شیعرەکانی خۆی دەخوێندەوە. هەروەها (ڕێحان خانمی لوڕستانی،فاتمە لۆڕەی گۆران و لیزا خانمی جاف) کە لەسەدەی پێنجەمی کۆچیدا لە شارەزوور لە دایکبووە و یەکێك بوو لە یاران و پەیرەوکەرانی شاخۆشێن لە هۆنراوە ئایینیەکانی خۆیدا ئاوێتەی سروشت بوە و ناسکی کڵامەکانی لەگەڵ تەنبووردا لە بۆنە ئایینیەکاندا ژەنیووە، هەروەها دایەڕەزبار کچی حەسەن بەگ لە ناوەڕاستی سەدەی هەشتەمی کۆچی لە شاری حەلوان لە دایکبووە، لە شعر جێ پەنجەی دیار بووە لەهەمان کاتدا مامۆستایەکی دڵسۆز بووە لە وانە گوتنەوە و فێرکردنی تەمورە ژەنین. ( بورەگەیی، 2008،99،94،97) .

ئەمڕۆش بڕوادارانی یارسان لەهەر شوێنێك کۆری جەم سازبکەن بێ جیاوازی ڕەگەزی نێر و مێ بەشداری دەکەن و ئازادانە تەمبورە دەژەنن، گرنگە ئاماژە بکرێت تەمبورە ژەنەکان پسپۆری و شارەزایی تایبەتیان هەیە لە ژەنینی ئاوازە پیرۆزەکانی کۆری جەم. لە ئینسکلۆپیدیای کوردی بەشی مۆسیقا لە پاریس ساڵی 1968ز لە توێژینەوەیەك، تابلۆی کچە تەمبوورە ژەنێکی یارسانیی بلاوکراوەتەوە، کە بە ڕوونی دیارە کچەکە کەمەری بەستووە لە(سەرەنجامی دەورەی هەفتەوانە، دەستنوس) لە دەورەی میر خەسرەو هاتووە (زنار بەستن یەکێکە لە مەرج و نەریتە ئایینییەکانی یارسان لە کۆری جەم و لە کاتی تەنبوورە ژەنینیدا) تەنبوورە وەکو ئامێرێکی دێرن و پیرۆز ژەنراوە و ئافرەتی کورد توانیویەتی بەهرەی خۆی پێشان بدات. زۆر جار نموونەی ئەو ئافرەتانەی کە لە پێشەوە ناومان بردن توانیویانە لە جەمخانەکانیش تەنبوورە بژەنن بە دەم کڵام کردن و چەپ و دەستەوە،لەم تابلۆیەدا دەبینین کچە تەمبوورە ژەنەکە سەربەندێکی موکریانی و کۆلوانیەکی پۆشیوە، لە ڕاستیدا ڕێوڕەسمی ژەنینی تەنبوورە پێویستە ڕێزی لێ بگیرێ و بە پۆشاکی نەریتی خەملاوی کوردەواریەوە بژەنرێت. ژەنینی ئامێرەکانی مۆسیقا بە تایبەت تەمبوورە هەمیشە بەهایەکی گەورە و پێگەیەکی کۆمەڵایەتی و ئایینی بەرزی داوە بە ئافرەتە ژەنیارەکان

**5. بەشە جیاوازەکانی تەمبوورەی تایبەت بە یارسان:**


کاسەی تەنبور(تویژەر)

**کاسە:**

سندوقێکی شێوە هەرمێ لە دار دروستکراوە کە لە شێوەی کاسەیەکە ناوەوەی هەڵکۆڵراوە، لە داری جیاواز لە لایەن وەستای تایبەتمەند دروستدەکرێت، ساف و بریقەدارو لوسدەکرێت و ئینجا ڕەنگ دەکرێت.


دەسکی تەنبور(تویژەر)

**دەسک:**

ئەو بەشەی بە کاسەی تەنبورەکەوە بەستراوەتەوە، دوو ژێی هەیە کە بە کلیلەکانی دەبەستێتەوە. بە هێلکاری زۆنی پەردەکانی لەسەر نەخشکراوە، بۆ ئەوەی ژەنیار لە کاتی ژەنین بتوانێت دەنگەکان ڕام بکات.


رووی تەختی تەنبور(تویژەر)

**رووی تەختی کاسەی تەنبور:**

کە شێوەی لە شێوەی ماسیە، چەند کونێکی لەسەرە.


کلیلی تەنبور(تویژەر)

**گوشی(کلیل)**

پارچەیەکی لە دار دروستکراوە لە شێوەی پیتی ئینگلیزی( T ) یە دابەش کراوە لە کۆتایی دەسکی تەمبورەکە بۆ پێودانکردنی تاڵی ژێیەکانی تەمبورە.


**خرک:**

پارچەیەك داری بچوکی دەکەوێتە سەر رووی کاسەی تەنبور، لە نزيك ژێ گیرە، کە ژێکان بەسەریدا تێدەپەرن، ناهێڵێت بەریەککەوتن هەبێت لەگەڵ کاسەی تەمبورەکە.


خرکی تەنبور(تویژەر)

**ژێ: (سیمر):**

ژێکان لە زەمانی دێرێن لە ئاوریشم دروست دەکران پاشان تالی نایلۆن بەکاردەبرا، ئەمرۆش تالی مێتالی باریکی بەهێز کە دەنگی تەمبورەکە بەرجەستە دەکات لەکاتی لێدانی پەنجەکانی ژەنیار.



پەردە(تویژەر)

**ژێگر:**

لە پارچەیەك شاخی ئاژەل یان ئێسقانی خۆشە کراو دروستدەکرێ، سەری ژێکانی پێ بەند دەکرێ بە کاسەی تەنبورەوە.

**پەردە:**

نەخشکراوە لەسەر زۆنەکانی دەسکی تەنبور، دابەش دەبن بەسەر پەردە و نیو پەردە بۆ رێکخستنی ئاوازی تەنبور.

**دەرەنجام**

1.ئایینی یارسان ئایینێکی سەربەخۆی دێرینی کوردیە و لەسەر زەمین و لە هەناوی کوولتوری کورد سەری هەڵداوە و گەشەی کردووە و بڵاوبۆتەو و لەسەر بنەمای هزر و ڕامان و ئایینە دێرینەکانی پێشوتری کوردستان.

2.ئایینی یارسان لە گەوهەردا گرنگی و پیرۆزی داوە بە موزیك و چەندان ئامێری موزیك و تێکستی پیرۆز (لەهجەی گۆرانی بە زمانی دەڕبڕینی خۆی هەلبژاردووە)، هەروەها وەکو بەشێکی بنەڕەتی لە ئایینی یارسان تێکست(کلام)، میوزك، میلۆدی (72 ئاوازی پیرۆز)، جۆرەها ئامێری موزیك، بە تایبەت تەمووره ئاوێتەی بڕواو بۆنە ئایینیەکان و پەرستش و ڕێوڕەسمە پیرۆزەکان کراوە و ئەمرۆش بە مۆرکە ڕەسەنەکەیەوە بەکاردهێنرێن لە ناوچەی کرماشان و کەرکوك و خانەقین و موسل.

3.لە دنیابینیی ئایینی یارسانەکاندا موزیك پیرۆزکراوە و ئامێری تەمووره یەکێکە لە ئامێرە پیرۆزەکان کە لەسەردەمی شاخۆشینەوە ئەم ئامیرە دڵخوازی خۆی بووە بۆیە لە ڕێوڕەسمەکاندا تەمووره ماچدەکرێ ، یارسانەکان بڕوایان وایە تەموورەش خاوەنی ڕۆحی پیرۆزە.

4.یارسانەکان بڕوایان وایە موزیك کاریگەری لەسەر ئارامکردنەوەی ڕۆحەکان هەیە و گەوهەری هێزی نەرمە و گیانە شەرانگێزەکان هێوردەکاتەوە تا ئاستی هارمۆنی و هاوئاهەنگ بوون.

موزیك مرۆڤ ئاراستە دەکات بۆ جوان بیرکردنە و گەیشتن بە پاکی و بەخشین و لێبووردەیی، موزیك ڕێنمایی مرۆڤ دەکات بۆ دۆزینەوەی یەزدان لە ناخی خۆیدا، مرۆڤ بە هێزی نەرمی مۆسیقا سەفەری قوڵ دەستپێدەکات بۆ ناخ و ڕۆحی دۆنەکانی خۆی. بۆیە یارسانەکان موزیکیان بەکارهێناوە بۆ هێورکردنەوەی باری دەروونی نەیارەکانیشیان و هەولیانداوە موزیك و میلۆدی خۆش بخەنە ناخی نەیارەکانیان تاکو هێور ببنەوە. (بە نمونە لەشکری نوسەت نۆسەدە).

5.لە بواری تری کلتوری و بۆنە جیاوازەکانیشدا موزیك و ئامێری تەمبورە بەکاردەهێنرێت وەکو چەمەری و بەخاك سپاردن و کۆڕی جەم و جەژنەکاندا.کە ئافرەتانی یارسانی لە کۆنەوە بەشێکی زیندوو  و کاریگەر بوونە لە بەکارهێنانی ئامێرە موزیکەکاندا وەکو تەمووره  و بەشداری کردنیان لە بۆنەکاندا.

**پێشنیار و ڕاسپاردە:**

ئایینی یارسان بەشێکی گرنگی کولتوری کوردە، لەگەوهەری ئایینەکەشدا بە پێی چەندان تێکستی پیرۆزی ئایینی  و سەرچاوەی مێژوویی یارسان تەمبوور ڕگەزێکی گەوهەری گرنگ و پیرۆزە.

لەم توێژینەوەدا تیشکمان خستە سەر پێگە و گرنگی تەمبوور لە ئایینی یارسان بە درێژایی مێژوو وە هەوڵماندا سەرچاوەکان بپشکنین بۆ ساغکردنەوەی هێما و سمبوڵە تایبەتەکانی تەمبوور لای بڕوادارانی یارسان.

پێشنیار دەکەین توێژینەوهی زیاتر لە ڕۆڵ و پیرۆزی تەمبوور بکرێت لە ئایینە کوردیەکانی تر و لە ڕێگەی بەراوردکاری تیشك بخرێتە سەر خاڵە هاوشێوە و لێکچوەکانی پێکهاتی تەمبوور و ئەو ئاوازانەی پێی دەژەنرێت لە بۆنە کولتوری و ئایینیەکاندا.

وەهەروەها پێشنیار دەکەین توێژینەوە بکرێت لەسەر چەندان ئامراز و ئاوازی دێرینی موزیك لە ئایینە کوردییەکان بە گشتی و بە تایبەت لە ئایینی یارسان وەکو بۆ نمونە شمشاڵ و  دەف کە ئەم ئامێرانەش ڕۆڵ و پێگەی تایبەتی پیرۆزی خۆیان هەیە لە ئایینی یارسان. لەم توێژینەوەیەدا گەیشتینە ئەو تێگەیشتنەی کە گرنگترین ڕاسپاردە ئەوەیە: هەوڵبدرێت گرنگی پیرۆزی ئامراز و ئامێر و ئاوازە کولتوری و ئایینیەکان بپارێزرێن و لە ڕێگای فێرکردن و ڕاهێنانی نەوەکانی ئەمرۆ لە سیستەمی پەروەردە و فێرکردندا پارێزگاری لەم بەشە گرنگە دێرینەی کولتوری کورد بکەین.

**لیستی سەرچاوەکان**

**سەرچاوەکان بە زمانی کوردی**:


1. ئیزەدی، مهرادی: چەردە باسێك لە بارەی کوردانەوە، وەرگێرانی ئەمین شوان، سلێمانی،2007.
2. ئیزەدی، میهرادی: ئاین و تایفە ئایینەیەکان لە کوردستان، وەرگێرانی کامەران فەهمی، سلێمانی، 2002.
3. بۆرەکەیی سدیق(سەفی زادە): کاکەییەکان و ڕێ و ڕچەیان، چاپی یەکەم، وەزارەتی ڕۆشنبیری 2008
4. بورەگەیی، سەدیق ، مێژووی وێژەیی کوردی ، بەرگی یەکەم، هەولێر، دەزگای ئاراس،2008،
5. تاهیری تەیب: تاریخ و فەلسەفەی سەرەنجام، چاپخانەی ڕۆژهەلات 2009.
6. تاهیری تەیب ، سەرەنجام: کتێبی ئایینی پیرۆزی یارسان. 2007
7. طاهیری، طیب،: مێژوو و فەلسەفەی یارسان. نووسەر، وەرگێران بۆ کوردی: بێهزاد خۆشحاڵی
8. ریچ،کلودیوس جیمس:گەشتنامەی ریچ بۆ کوردستان1820،وەرگێران،محمد حمە باقی،1992

9. حەمە رەش، سوران: دۆزینەوەی کۆنترین نوسینی کوردی لەسەر مۆسیقا کە بە زاراوەی کرماشانییە و لە لایەن یارسانیەکان نوسراوە، ووتاری بەشی مێژووی کورد،HISTORY OF KURD
10. حەمە رەش ،سۆران،: کورد کتیە، هەولێر،2016.
11. حەمە، حەمەباقی، مێژووی موسیقای کوردی، ، دەزگای ئاراس 2002
12. ئەکبەر، عەلی: دیمانەیەک لەگەڵ مورادی-ماڵپەڕی وشە- سازدانی؛هیدایەت جان-20/02/2016
13. عەباسی، جەلیل : ئاهووڕامان- چاپی یەکەم 2008.
14. محممەد پور، عادل ، سۆزی لیریکا لە ئەزمونی شعری کوردیدا، هەولێر،2010.
15. عبدالواحید،تەنبور، هەولێر، 2006.
16. کاکەیی: فەلەکەدین: ئایینی یارسان، هەولێر، 2011.
17. کاکەیی: فهمی: یارسان، گۆڤاری یارسان، سوید،1998
18. کاکەیی.هەردەوێل، کۆچی یاری ،کرکوك، 2013
19. مورادی، گوڵموراد: ئۆلەکانی جیهان، ناسری ڕەزازی، هەولێر، چاپخانەی ئاراس، 2010.
20. . محمد، زریان جیزنی: سروشت و ڕۆلی ئایینی یارسان لە کوردستاندا_توێژینەوەیەکی ئەنترۆپۆلۆژیە، هەولێر، 2019.
21. مورادی، مەحمەد: گەشتێك بە مێژوو رامانی یارساندا، 1393، سنە.
22. هەورامانی: محەمەد ئەمین: کاکەیی، بەغدا 1987.
23. هەورامانی ،محەمەد ئەمین ، 1984، کاکەیی، چاپی یەکەم، بغداد.
24. هەورامی، نامیق ، هەورامی زمانی ئایینی یارسان، سلێمانی ،2013.
25. گۆڤاری das volk kurden لە بەرگی LVII بڵاو کردۆتەوە

**سەرچاوە بیانیەکان**

1. ارسی ، زنر ، گلوع و غروب دردشتی گری،ت د.تیمور قادری، تهران،1384.
2. . بورەکەیی ،صدیق صفی زادە: سرنجام برگزیدە هفتوانە، تهران، 1361
3. شهرزاد، قاسم حسن:الات الموسیقی التقلیدیة فی العراق المعاصر، بغداد، 1976
4. فروغ ،دکتر مهدی، نفوز علمی عملی موسیقا ایران در کشورهای دیگر، تهران، چاپ اول، 1354.
5. عالی نژاد ،سید خلیل: تنبور از دیرباز تاکنون، انتشارات دانش و فن، چاپ اول، تهران، 1376.
6. میرحسینی، زیبا، اعتقادات، آیین‌ها و فرهنگ در میان اهل حق، در فرهنگ و هویت کردی، کرینبرک، فیلیپ، و آلیسون، کریستین، لندن،.1996
7. هاشم رضا:تاریخ مطلعات دینهای ایرانی،چاپ 2، تهران،1371.

ziba mir-hosseini Mir-Hosseini, Z., 1996. Faith, ritual and culture among the Ahl-e Haqq. *Kurdish culture and identity*, pp.111-134.

Mehmet, bayrak: gravulerle kurtler bi gravuran kurd, Ankara, 2002.

**الديانة اليارسانية و قداسة اله التنبورة**

**زريان جيزنى محمد**
قسم الاجتماع،كلية الاداب، جامعة صلاح الدين

**الخلاصة**

يارسان ديانة مستقلة كوردية قديمة، وقد نمت و تطورت على اسس و جذور الديانات القديمة فى كوردستان، وان الكتاب المقدس ليارسان يعتبر( سەرەنجام)، وقد كتبت بلهجة الگوران، و انه حامل و حامي للفولكلور والمراسيم الدينية و الاثرية، الدينية و الدنيوية ماديا و معنويا للشعب الكوردي ، وان لها طرقها الخاصة بها. ان الموسيقا هو قسم مهم و عمود اساسي و مقدس فى الديانة اليارسانية، وقد أصبحت الة التمبور نبراسا لها ويعزفونها أثناء أداء المراسيم الدينيه المقدسة لهم.

وفي هذا البحث المتواضع نلقي الضوء على دور و أهمية وتركيب الة التمبور في أداء تلك المراسيم.

ان الة التمبور في الديانة اليارسانية لها مكانة مرموقة و مقدسة و تعزف بها أرقى المعزوفات عند أداء المراسيم الخاصة بهم، ومع تطور ونمو الديانة اليارسانية ازدادت اختلاط الة التمبور بالمراسيم و العبادة جيل بعد جيل، وانتشرت استخداماتها عند الكثير من المؤمنين بهذه الديانة.

**كلمات مفتاحية:** الديانة يارسان، تەمبور، سیاجەمانە، سرنجام، کلام.

**Yarsan religion and holiness Tanbur**

**Zrian Jazny Muhamad**
sociology department, college art, Salaheddin University-Erbil

**Abstract**

Yarsan is an ancient Kurdish independent religion, and it has grown and developed on the foundations and roots of the ancient religions in Kurdistan. The Yarsan Bible is considered as a (Saranjam) of it. It was written in the Goran dialect. kurdish, And it has its own ways. Music is an important section and a main and sacred pillar in the Yarsan religion, and the tambour instrument has become a beacon for it and they play it during the performance of sacred religious ceremonies for them.

The tunbur instrument in the Yarsan religion has a prestigious and sacred position, and the finest instruments are played in it when performing their ceremonies. With the development and growth of the Yarsan religion, the mixing of the tunbur instrument increased with ceremonies and worship generation after generation, and its uses spread among many believers in this religion.

**Keyword:** music, tambur, syachamana, yarsan, saranjam, kalam**.**